# چەند هەناسەیەك بۆ تریفە



هۆشەنگ شێخ محەمەد
2007/4/9هەولێر

(1)

**لە هەناسەی دێرێکی تەڕدا**
**دڵۆپێك بەقەد دنکە هەنارێك روحم تەڕ ئەکات**
**چەند خۆت لە ئەفسانەکانیش بشاریتەوە**
**دیسانەوە لەگەڵ کوریکەی خۆخێك رەنگت ئەڕژێ**
* * * * * * *

**بەوە نیە سەرگەرمی شعر بیت و لە دێرەکاندا خۆت و روحی لەتلەتی من فەناکەی**
**بەوە نیە روح رەنگی باخچەیەك بیت و من و روحی هەلاهەلای خۆت بکەیتە مێخەك**
**لە گوڵ کنێر و نیسانۆکەکانی سەر رێگەیەکدا کە بە پەلە پیایدا رەت ئەبم**
**بۆنێك بەقەد فنجانێ قاوە گیانم مەست ئەکا**
**بایەك بەقەد پەڕی چۆلەکەیەك ختووکە بە یادەوەریمدا ئەهێنێتەوە**
**پەلکێك بەقەد نامەیەکی درێژی جارانت هەناسە ئەدا بە دونیا**
* * * * * * *

**مەترسە کە ئەمبینی مەستم بەتلیاکی شعر و حەشیشەی یادەوەرییەکان**
**مەترسە کە ئەمبینی سەرگەرمم بە ئەفیونی خۆزگەی ماچێك و کۆکاییینی پیاسە لەگەڵ بەژنتدا**
**هەمیشە خودانی خەونێك بە کە بتکاتە جگەرەیەك لەسەر لێومدا**
**هەمیشە خاوەنی ئومێدێك بە کە لە ناو دوکەڵی خۆتدا بە بام وەرکەی**
* * * * * * * *

**خەون وەك با زەرورە بۆ دونیا**
**ئومێد وەك پەلکی گەڵا و وەك دەنکە هەنار زەرورە بۆ ژیان**
**تۆش لەم جەهەنەمەدا ، وەك خەون و ئازادی زەروری بۆ من.**

(2)

من له لم و سنۆبەر و پەلکە گیاکانی خشخاشیشدا

رەنگێك له ئەفسانەکانی تۆوە بەدی ئەکەم

من له شعر و سەفەر و گۆرانییەکانیشدا

تریفەیەك له سەماکانی تۆوە ئەبینمەوە

من له شێتی و تورەبوون و درۆکانی خۆشمدا

شتێك له جوانی تۆ ئەدوزمەوە

* * * * * * *

من و تۆ و کوریکەکان کامەمان وەك یەك هەناسە ئەدەین؟

من و تۆ و هەنارەکان کامەمان وەك یەك دەم ئەکەینەوە؟

من و تۆ و پەلکە گیاکان کامەمان وەك یەك له ژوانین؟

من و تۆ و ئەم دونیایە کامەمان وەك یەك له خۆشەویستین؟

* * * * * * * *

عەشقت هەندێجار وەسف ناکرێت

هەندێجار قسەی لەسەر ناکرێت

هەندێجار بەدیناکرێت

* * * * * * * * *

خۆشە لەسەر حسابی گوڵەکانی باخچە گچکەکەمان بە شەڕ بێین

خۆشە دوکەڵی جگەرە لەدەمی یەك بێنینە دەر

خۆشە شەوێك هەر بۆ مەراق ماچە نەدەیتیٚ

خۆشە حەسودیم پێببەیت کە له تۆ جوانتر یان زیاتر ئەنووسم

خۆشە خۆش شەڕ لەگەڵ تۆ له ساتەکانی درەوشانەوەتدا.

* * * * * * * * *

نووسین بۆ تۆ:

رەنگە گەڕان بێت له تامی تریٚ یان ئاوی لیمۆ له شعردا

رەنگە گەڕان بێت له تامی ماچ له وشەیەکدا

رەنگە گەڕان بێت له روحی تۆ له ریزێکدا

رەنگیشە سەفەرێك بێت لەناو خۆمدا له وێنەیەکدا

* * * * * * * * * *